**کۆژان**
2003-3-6
ئارنهێم-هۆلَندا
**b_shiruan@hotmail.com**

**قسەی سولَتانە**

باپیرم نەیتوانی درەوەی پاقژبێ
ئەگەر نا چۆن توانرا
دوای چەند سالّ بنوسرێ
کنای پالّەیی هەتا شارەزوور
زۆرداری ئەرەب کردنەی خاپور

**قسەی سولَتانە**

شەرم و شکۆیە بۆ پایەی گەورەتان
مێژوومان پاک نەبێ لە خێلّی تێکدەران
من هێزی یەزدانم
قەلّەمی خۆشنوسی قورئانم
من یاساو فەرمانم
من خوێنی ڕژاوی
عەلی و عومەرو عوسمانم

**قسەی سولَتانە**

فەرمانە فەرمانە
فەرمانی سێبەری یەزدانە
هەر کەسێ بتوانێ
شمشێری حەجاجم هەلّگرێ
لەم دونیاو لەو دونیا
لای من و لای یەزدان میوانە
یەک ووتی من
دوو ووتی من
سێ ووتی من
هەر هەموو ووتیان
یان ئێمە یان ئەوان
سەرکردەی ئەمجارەش

با نەوەی خۆمان بێت
عەلی کوڕی عەفلەقی کوڕی جەڕاح بێت
**قسەی جێگری سوڵتانە**
پاکۆدەن ئەم نەوەی جنۆکە
شمشێرتان پاراوکەن لە خوێنی
منالّی ساواو بەرمەمکە
کێ توانی گیانی گلاّوی
کوردێک دەربێنێ
کلیلی بەهەشتم پێیە بۆی
بەشداری سفرەی یەزدانە
شەوو ڕۆژ غولاّم و فریشتەی
خوایی میوانە
**قسەی سێبەری سێبەری یەزدانە**
ئازاد بێ گەردنی ئەو کەسەی
شەرەفی کوردانم بۆ ئەسمێ
دەستوری باپیرمە
دەقی قورئانە سورەتی ئەنفالە
ماڵ و ناموس و خوێن و لاشەیان
بۆمان حەلاّڵە
**قسەی شایەتێک**
پۆستاڵ ڕەشێک
بەدەستێکی مێژووی عەرەبی هەڵگرتبوو
دەستێ تری لەناو سنگو مەمکی
کچۆڵەیکی گەرمیاندابوو
کچۆڵەکە هاواری کرد
برای عەرەبی چاو ڕەشم
مارەبڕی کوڕی مامم
چاوە ڕێمە
واگوێم لێیە لەئەو دیوی یاڵەکەوە
شمشاڵی خۆشەویستیم بۆ ئەژەنێ
**قسەی ئەنفال کراوێکە**

بۆنی لاشەمان دەگەشتە
لووتی خوا
ڕۆح دەرچوو خاک سووتا
بارانی کیمیایی داباری
هەڵەبجەم خامۆش بوو
گەرمیانم هەلقرچا
ئازارو نیسانیساڵێک بوو
مێژوویان بە خوێنمان ئەنوسی
بەزەیی بڕینی پەلوپۆی لاشەبوو
باوەڕی ئایینیم لە نوکی شمشێری
وەقاسدا ئەبینی
خوام بینی دەگریا
شەرمی لە بوونی خۆی ئەکرد
لەو دونیا
هەر کەسێ قەواڵەی
سەری براوی کوردێکی پێبوایە
پسوڵەی بەهەشتی وەرئەگرت
قسەی هەموو ئاژانسە عەرەبیەکان
مەجوسن
ئەوانەی تۆمەتی قڕکردن ئەدەنە
پاڵی پاڵەوان
سوڵتانی سوڵتانان
درۆیە درۆیە درۆیە
بڵندگۆی دوژمنان دژمانە
ئێمە نەوەی هەڵبژێراوی یەزدانین
ئێمە سەروەری مرۆڤین
کلیلی زانستین خەمخۆری جیهانین
ئێمە بوونین
هەڵگری ئاڵای یەکسانی
مرۆڤین
بارانی بەزەیین

بونیاتی فەلسەفەی
یۆنانین
**قسەی ئاژانسێکی جیهانی**
بڕوا ناکەین پاڵەوانی ئازادی
مرۆڤ کۆژبێت
بە پارەی عەقڵی ئێمە
گەلێک بکوژێت گیانی شارێک
لە چرکە ساتێکدا دەربهێنێ
**قسەی شاعیرێکی عەربی**
شەرمەزارم لە نەوەی ئەنفال چیم
بمبورن ئەی ڕۆحە ئەنفالکراوەکانی
کوردوستان
بڕیاربێت بۆ لەمەودوا
ناسنامەکەم بخەمە ژێر پێتانەوە
بمبورن لەوەی عەرەبم
**دوا دیمەن**
پیرە پیاوێک لە چۆڵەوانی عەرعەردا
بڕیاری دا ئیتر دەست نوێژ بە ئاو نەگرێ
ئاگری کردە ئاو
بۆدادانی تەڵقینی ئێسک و پروسکی
ئەو مناڵەی
سەگەکانی عەجاجی کوڕی باپیری لەت لەتیانکرد